# جیاوازی نێوان شارەكان و نایەكسانی لە بایەخدانەكانی حكومەتدا

**محمد حسین**

**Mihamad_79@yahoo.com**

لەگرنگترین ئەوئامانجانەی حكومەتێكی نیشتمانی بۆی تێبكۆشێ لەپرۆسەی گەشەكردندا كەمكردنەوەی جیاوازیەكانی نێوان شارولادێیە, هەولأدانە بۆدابین كردنی خزمەتگوزاری پێویست ودروستكردنی ئەودەركەوتەشارستانیانەی دەشێت ژیان لەلادێدا جوانتربكات و شارولادێ بخاتە سەریەك هێڵی گەشەكردن , لادێ نەبێتەنموزەجی ژیانی سەدەناوەندیەكان و شاریش لەلایەك جێگەی سۆپەرماركێتەكان ولەلایەكی تریش ئەو گەڕەكە هەژارانەی هەمیشە جوگرافیای بێبەشی وبرسێتی ومەحرومبونە .هەرحكومەتێكیش پلانی دورمەدای نەبێت بۆچارەسەری كێشەی (( قوڵبونەوەی جیاوازیەكۆمەلأیەتیەكان )) بێگومان لەوێرانەیەكی سیاسیدا خۆی ئەچەقێنێت . وێرانەیەك كەولأت دابەشئەكاتەسەر دووبەشی جیاوازی نێوان كەمینەیەكی زۆركەمی خواپێداوو زۆرینەیەكی بێبەشی داماو , ئەم كێشەیەئەمڕۆ زۆر ولأتی گیرۆدە كردووە ,زۆرولأت پلانی ستراتیژی بۆڕوبەڕوبونەوەی داناوەو زۆرولأتیش هێندە سەختگیر توشی بووە هیچ ئومێدێكی چارەسەركردنی نەماوە . لەكوردستان ئەم كێشەیە تەمەنێكی درێژی هەیە ,بەجۆرێك لەوانەیە زیادەڕۆی نەبێت بلێین لە دروستبونیدەوڵەتی عیراقیەوە تائەمڕۆئەم كێشەیە هەر هەبووە بەبێئەوەی كەس خۆی لێتێبگەیەنێت وەكو ((كێشەیەك )) . حكومەتی هەرێمی كوردستانیش كەبەمیرات ئەم كێشەی لەبەعسەوە وەرگرت تائێستا بیری لەچارەسەری نەكردۆتەوە,بەڵكو لێیشی گەڕاوە تابەتێپەڕینی كات قوڵترو ناخۆشتربێتەوە .

ئەوژیانەی ئەمڕۆ لەسلێمانی وهەولێرودهۆك ڕائەبورێ ئەوژیانە نیە لەلەكەلارو بنەسلاّوەوئاكرێ دەگوزەرێ , نەدەزگاكانی حوكومەت , نەشێوازەكانی جێبەجێ كردنی یاسا ,نەخزمەتگوزاریەحكومیەكان هیچی وەكو یەك نیە. ژیان بەهەمو تام وچێژێكیەوە , بەهەمو زەحمەتیەكانیە وە , بەهەمو ئەوئمتیازانەی دەكرێت كۆمەڵگا دابینی بكات بۆهاولأتیە كانی خۆی لەناوەندی شارە گەورەكاندا جیاوازە لەشارە بچوكەكان . چانسی خۆشنودی ودەوڵەمەندبون ,تەواوكردنی خوێندن , بەدەست هێنانی ژیانێكی ئارام , لەشارەبچوكەكاندا زۆركەمترە لەشارە گەورەكان . كەلێنی نێوان ئەم جیاوازیانەش تادێت گەورەتر دەبێتەوە . ئەوڕایەلأنەیش كەئەم ناهاوسەنگیەی ڕاگرتووە بێ كێشەو گرفت درێژئەبێتەوە , ئەو ناعەدالەتی ونایەكسانیەش لەئەنجامی ئەم جیاوازیانەوە دروست بووە كڕوكپ وبێ دەنگ لەفراوانكردنەوەی ئەو كەلێنانەدایە كەلەنێوان كەنارو سەنتەردا دروست بووە .گەرلەئاستەگەردونیەكەیشیداتەماشای دیاردەی پەراوێزخستنی كەنارو بەهێزبونی ناوەند بكەین دەبینین , ئێستا جیهان بەگشتی بەدەست دابەشبونێكی تاڵی هەژار – دەوڵەمەندەوە گیرۆدەبووە , جیهان بووە بەناوەندێكی زۆردەوڵەمەندی پێشكەوتوو كەبەشێكی بچوكی جیهان پێك دێنێت و كەنارێكی برسی هەژاری تێوەگلاو لەسەدان كێشەی وەكو شەڕی ئەهلی , كەڵەكەبونی قەرزو هەژاری , نەخۆشی ئایدز , دیكتاتۆریەت ودەسلاّتدارانی ستەمكار , تیرۆریزم وبزوتنەوە توندڕەوەكان ....هتد , كەبەشەگەورەكەی جیهان پێك دێنێت . یان وەك ئەوەی لەكتێبی (( فخ العولمە )) تەڵەزگەی جیهانگیریدا هاتووە ★..ئەوكۆمەلگانوێیەی پرۆسەی جیهانگیری دروستی ئەكات گۆمەلگای چواربەش برسی وپێنج یەك تێرئەبێت , بەواتای 80٪ هەژار بەرامبەر 20٪ دەوڵەمەند . بۆنمونە سامانی 358 ملیاردێر زیاترە لەداهاتی (2,6)ملیارمرۆڤ كەدەكاتە 45٪ دانیشتوانی جیهان ★★ . جیاوازیە كانی ناوەندو كەنار لەئاستە گەردونیەكەیدا بەم جۆرە ترسناكیە , كەئەمەش ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە بۆهەمو ئاستەكانی تری خوارەوە , هەریەك لەولأتانی كەناریش پڕەلەفۆرمە جیاجیاكانی ئەم جیاوازیە ★★★.

تەماشای هەرولاَتێکی دەروپشت بکەین ئەوجیاوازیانە دەبینین لەنێوان پایتەخت وپارێزگاکانی تردا , لەنێوان پارێزگاو قەزاکاندا, لەنێوان قەزاو ناحیەکاندا , لەنێوان شارۆچکەو گوندەکاندا هەیە. لەهەموی سەیرتر وکۆمیدی تر جیاوازی شوێنی لەدایك بونی سەرۆکە دیکتاتۆرە کانە بەرامبەرگشت ولاَت , (( وەك نمونەی تکریتی لای خۆمان )). دیارە لەناوهەرناوەندێکی بایەخپێدراودا ((کەناوەند لای خۆمان نمونەی شارەگەورەکانە)) چەند گەڕکێك کە خواپێداوەکانی تیایە جیایە لەگەڕەکەکانیتری شار .چەند گەڕەکێکی داماویشی تیایە کەلای خۆمان بەگەڕەکەشەعبیەکان ناوئەبرێن و هەرچی نەهامەتیوهەژاریو گرفت و پەتاو فۆرمەجیاوازەکانی چەوساندنەوەهەیە لەم گەڕەکانەداو بگرەلەناوخێزانێکی ئەم گەڕەکانەدا کەڵەکەبووە .

ئەگەرسەیری بناغەکانی دروستبونی ئەم جیاوازیانە بکەین لەنێوان شارەگەورەکان وبەشەکانی تری ولاَتدا دەبینین هەندێك جار بارودۆخێکی تایبەتی ئابوری دروستی ئەکات , شاری واهەیە هەڵکەوتی جوگرافی کردویەتیە ناوەندێکی گرنگی ئابوری وبازرگانی ,دیارە پێویست نیە ئەمە وەکو کێشەیەك ببینین , بەلاَم ئێمە شارێکی زۆرمان هەیە کەحکومەت بەمەبەستەوە جیای ئەکاتەوە لەشارەکانی ترو هەمو پرۆژە ئابوری وپیشەسازیەکانی تیا ئەنجام ئەدات , لەکاتێکدا چەند شارێك ئەخاتە پەراوێزەوەو فەرامۆشی ئەکات دێت چەند شارێکیتر ئەکاتە شوێنی پرۆژەی پیشە سازی گرنگ و لەڕوی ئاوەدانی وخزمەتگوزاریشەوە لەهەمو شوێنەکانی تر زیاتر بایەخی پێئەدات . دیارە کێشەلەوەدا نیە ئەم شارانە بایەخی چاکیان پێئەدرێت بەڵکو کێشە ئەوە یە کەبایەخ بەسێ شار دراوەوپەنجا شارۆچکە فەرامۆش کراوە .سامان وسەروەتی ئابوری ولاَت لەچەند شوێنێکی دیاری کراودا خەرج ئەکرێت وبەشی زۆری ولاَتیشی لێ بێ بەش ئەکرێت .

دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەم پەتایە دەرنەچو , وەك ئەوەی قەدەری بێت ئیدارەی کوردی دەبێت هەمو ئەو گرفتانەی تیا دروست ببێت کەحکومەتە دەسلاَتگەراکانی ناوچەکە پێوە ئەپلێنەوە . ئەوەی سەیری خزمەتگوزاری و چوارچێوەی بایەخدانەکانی حکومەتی هەرێم بکات لەهەولێرو سلێمانی وبەراوردی کات بەچەمچەماڵ وسۆران بێ تێڕامان قەبارەی ئەو نایەکسانی وناعەدالەتیەی بۆدەرئەکەوێت کەلەنێوان ئەو شارانەدا ئەکرێت . مەبەستم نیە بەچاوی ئێرەییەوە ئەوەبەزۆربزانم بۆهەولێرو سلێمانی ئەکرێت , یان پێم وابێت مستەحەقی ئەوە نین لەوە زیاتریشیان بۆبکرێت . بەڵکو ئەوەی جێی ئیشکالیەتە ئەوەیە پێنج یەکی ئەو خزمەت گوزاریانە بۆشارەکانیکەنارناکرێت و بەیەکچاو تەماشا ناکرێن ,لەکاتێکدا شارۆچکەکانیش وەکو هەولێرو سلێمانی بەشێکی ئەم ولاَتەن و دەبوایە بەیەك چاو تەماشای هەموان بکرایە , نەك لەلایەك جوانترین یاریگا دروست بکرێت بەبوجەیەکی خەیاڵی ولەلایەکیش بەشی پێویست جادەی قیرنەبێت , لەلایەك هەواری فێنك وجوانترین پارکی مۆدێرن بکرێت ولەلایەکیش حکومەت توانای چاککردنی محاولەیەکی کارەبای نەبێت تا ((17)) ڕۆژی بەسەردا تێنەپەڕێت . ئەم نایەکسانیە لەبایەخدان بەرلەهەمو شتێك ڕەنگدانەوەی دواکەوتوی وبێ پلانی وناهاوسەنگی دەزگاکانی حکومەتە , ئەگینا چ لۆژیکێکە بەشی زۆری ولاَت بێبەش کرێت لەخێرو داهاتی ولاَت و زۆربەی پرۆژەکان چڕکەینەوە لەچەند شارێکدا , بۆلەپشت پێشکەوتن وجوانیەکانی هەولێرو سلێمانیەوە پێشکەوتن وجوانی هەڵەبجەو قوشتەپەش نەبینین . ئەوە عەقڵی دوکانداریێکی کەمالیاتە کەڕوکاری دوکانەکەی جوان ئەکاتەوە بۆئەوەی هەمو شتەکانی جوان بنوێنێت نەك حکومەتێکی دامەزراوەیی, کارەساتە ئیدارەو عەقڵی بەڕێوەبردنی ولاَتێك بەتیۆری مکیاژکردن بیربکەنەوە , واتێبگەن دهۆك وسلێمانی جوان بێت ئیتر هەمو شتەکان کەوتونەتە سەرسکەی خۆیان , بیەوێت بەجوانی سێ شار ئەو هەمو برین و وێرانیە بشارێتەوە کەلەهەر خێزانێکیگەڕەکێکی شەعبی یەکێك لەشارە پەراوێزکەوتوەکانداهەیە, عەقڵی ئیدارەکردنی ولاَت دەبێت بەپرۆژەی گەشەکردنی ئابوری ,کۆمەلاَیەتی, زانستیبۆ سەرانسەری و لاَت ومەبدەئەکانی عەدالەتی کۆمەلاَیەتیگۆشبکرێت نەك بەفێڵی مکیاج کردن .

بڕوای زۆرم بەوەیە کە نابێت هەمو شتەکان بدرێتە دەست حکومەت و خێرو شەڕی وڵات ڕەوانەی لای ئەو بکرێت ودەستە پاچە لێی دانیشین و هەرچاوەڕێ بین بزانین حکومەت چیمان بۆئەکات . دەبێت هەردەم لەخەمی فراوانکردنی ئەوڕوبەرانەدابین کەحکومەت مافی ئەوەی نیەخۆیتەنها بڕیاردەربێت لەناویدا , سنوردارکردنی دەسڵاتی جێبەجێکردن لەئۆکسجین بەپێویست ترئەزانم بۆهەرپرۆسەیەکی دیموکراسیەت لەم ولاتەدا گەرهیوایەکمان هەبێت بەدروست بونی , بەلاّم حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم ڕێسایەتەماشاناکرێت , وەکو زۆربەی بوارەکانی تری لەم بوارەشدا شازە . چونکە لەمۆدێلی حیزب سالاریدا هەمو شتێك دەسلاّت ئەیکات وشتێك نامینێتەوە لەدەرەوەی کۆنترۆلی ئەو , هەموئەگەرەکانی لەدایکبونی هێزی سەربەخۆ ئەکوژێت , هەموئەو شادەمارانەی کۆمەلّکائەخاتە مشتی خۆیەوە کەدەشێت دەزگایەك یان هێزێکی سەربەخۆکەلّکی لێوەربگرێت , بەجۆرێك کۆمەلّگاوالیّدەکات کەقسەکردن لەهەرگۆڕان وجولاّندنەوەیەك لەدەرەوەی کایەی دەسلاّت دەبێتە (( ئاسن بەساردی کوتان )) . لەم ولاّتەدا شتێك نیە حکومەتی حیزب نەیکات , شتێك نیە لەدەرەوەی هەژمونی ئەواندا هەناسەبدات , لەتەعینکردنی کارگوزاری خەستەخانەیەکەوە بۆبڕیاری دروستکردنی پردێك , لەدروستکردنی ڕێکخراوێکی پیشەییەوە بۆ دامەزراندنی زانکۆیەك . هەموی بەفلتەرەکانی بڕیاردروست کردنی حیزبدا تێئەپەڕێت , بۆیە لەڕەوشێکی وەهادا هەردەبێت حکومەت بەرپرسیار بکرێت لەدروست کردنی ئەو ناهاوسەنگیەی لەنێوان شوێنە جیاوازەکانی ولاّتدا ئەکرێت .

لەوانەیە خەلّکانێك وابیربکەنەوە کەهۆکاری خودی خەلّکی ئەو شارانەیە وای کردووە لەگشت لایەنەکانی ژیانەوە پێشکەوتوتربن وخۆیان بۆخۆیان ئەودەسکەوتانەیان بەرهەم هێناوە . بەلاّم ئەم بۆچونە گەربۆهەمو شوێنێکی دنیا ڕاست بێت ئەوابۆ ولاّتی خۆمان ڕاست نیە ,گەروابوایە کفریو هەلّەبجەی شەهید و ڕەواندوز ئەوبارودۆخەی ئێستایان نەئەبوو ,کێ هەیە نکۆلّی لەوەبکات ئەم شارانە مێژویەکیدوورودرێژیشاربون و خەلّکێکی شارنشین لەپشتیانەوەنیە, ئەی بۆچی بەو حالّەی ئێستایانەوە ئەیانبینین ؟ دیارە ئەوهۆکارە ئابوریو سیاسیانەی لەدەرەوەی ئیرادەی کورد دایەو بەعسو داگیرکەرانیتری کوردستان خولّقاندویانە بەڕۆشنی دەبینرێت , چونکە لای ئەوان ئەوەئامانجێکبو کەهەموکوردستان وەکو دارستانێکی دواکەوتو بمێنێتەوە , ئەوەی جێی داخە بێبەرنامەیی ئیدارەی هەرێمە لەڕوبەڕوبونەوەی ئەودواکەوتنەکوشندەی داگیرکەرانی ئەم ولاّتە کردبویانە واقعێکی چەسپاو . دوای ڕاپەڕین و نەمانی وێران کاریەکانی بەعس ئێمە نەخشەو پلانی ستراتیژیمان نەبینی بۆئاوڕدانەوەلەو شوێنە پەراوێزکەوتووانەی کەڕوبەرێکی فراوانی مێژووشارستانیەتی کوردستانی پێك هێناوە . دەکرادرێژەبەوناهاوسەنگی وناعەدالەتیە نەدرایە کەبەحەق میراتی بەعس بوو.

لەنێو ئەو دەرهاویشتە ترسناکانەی ئەم دیاردەیە پێمان دەبەخشێت ئێستا کۆچ کردنی خەلّکی لادێکان دەبینین بۆشارەکان , ماوەیەکە لەناو دەولّەمەندەکانی شارۆچکەکانیشدا ئەوەهەیە هەرکەسێك حەزی خۆشنودی (ڕەفاهیەت) ژیانی هەبێت خۆی ئەگەیەنێتە شارگەورەکان . کەبەدلّنیاییەوەتەشەنەکردنی ئەم گرفتە پێکهاتی دیموگرافی وکۆمەلاّیەتیوکولتوری شارولادێیش تێك ئەدات , نەشارەکان بەتایبەتمەندی شارنیشینی خۆیان ئەمێننەوە , نەلادێکانیش وەکو ژینگەیەکی بەرهەمهێنی بەپیت دەمێنێتەوە . لەحالّێکی واشدا هەموان زەرەرمەند ئەبین .

..........................................................................

★ بڕوانە بەشی یەکەمی کتێبی (( فخ العولە )) نوسینی هانس-بیترمارتین ,هارالدشمان . و ,د. عدنان عباس علی : زنجیرە 238 عالم المعرفە : کویت _ ل 21

★★ د. منیرالحمش .العولە لیس الخیار الوحید / چاپی 1998 ل 51

***دیارە ناوەند وەك ئەوەی لەم كتێبەدادیاریكراوە بریتیە لەئەمریكاو كەنەدا , ئەوروپای ڕۆژئاوا, یابان وئوستڕالیا . هەمو بەشەكانی تری جیهانیش بەكەناردائەنێن .